www.kurdistannet.org
15-1-2003 14:38

# ئازادی من لەنێوان مەلا و مامۆستای زانکۆدا

مەهاباد قەرەداغی

هەمیشە و بە تایبەتی لە کاتی نووسیندا ئەو شاکارەی مەحوی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، ڕۆحی ئەو شاکارەش لە دوو دێڕێکدا چڕ دەبێتەوە، کە دەڵێت:

(بە هەق هەر هەق، بە ناهەق ناهەقم گوتووە، لە ڕۆژی بووم

وەکو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە هەق لادەم !)

زرنگاندنەوەی هەمیشەیی ئەو شیعرە لە گوێمدا ڕۆڵی ویژدانی من دەبینێ. دێڕی یەکەمی وام لێدەکات یاخی بم، تا سەرئێسقان لە نارەواییەکان یاخی بم و بە گژیاندا بچمەوە. دێڕی دووەمیشی وام لێدەکات لە ئاکامی ئەو یاخیبوونەم بێباک بم لە سەردەمێکدا کە نرخی یاخیبوون سەرە و، نموونەی ئەوانەش کە ئەفسووس ئەو نرخەیان داوە کەم نین. هەر ئەم دوو دێڕە شیعرەیە منی هێناوەتە سەر باوەڕێکی چەسپاو، ئەو باوەڕەی کە:

## (یاخیبوون هونەرە، هونەرێك لە پلەیەکی هەرە باڵ)

دژی هەموو دژوارییەکم، تەنیا ئامرازێکیش کە لە دژی ئەو دژوارییانەدا بەکاری دەبەم پێنووسە. من نزیکەی چارەکە سەدەیەکە بەو پێنووسە دەجەنگم. ژن بیت و کورد بیت و نووسەریش وەک ئەوە وایە لە ناو سێگۆشەیەکدا بیت، کە لە هەموو گۆشەکانییەوە ئاگربارانە. لە گۆشەی یەکەمیاندا ئاگری داب و نەریت و ڕێساکانی ئایین کە دەیانەوێ بتکەن بە کۆیلەی ئەو نۆرم و نرخاندنانەی کە هی سەدە کۆن و ڕزیووەکانن، لە دووەمیاندا ئاگری دوژمنە داگیرکەرەکان کە بێپەروا کەسایەتی و خاک و خوات بە نەوتی خۆت دەسوتێنن، لە گۆشەی سێیەمیشدا ئاگری دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان کە لە پێناوی بێدەنگکردنتدا دەیبارێنن.

ژن بیت و کورد بیت و نووسەریش، دەبێ پێنووسەکەت لە بەرەی جەنگی هەر یەک لەو سێ گۆشە ئاگراوییە کارا بێت. بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناسنامەی ژنێتیت بکەی دەبێ لەو داب و نەریت و یاسا و ڕێسا و نۆرمانە یاخی بیت و لە دژیان بجەنگیت کە لە نرخی مرۆڤایەتیت کەم دەکەنەوە و دەتکەن بە پاشکۆی یەکێکی تر. بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی و لە خاکە داگیرکراوەکەت بکەی دەبێ هاوکات بە گژ چوار وڵاتی داگیرکەردا بچیتەوە. بێگومان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناسنامەی نووسەرایەتیت و ئازادیت و پێنووسەکەت بکەیت دەبێ بە گژ دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکاندا بچیتەوە.

ئەوەی ئێستا باسی دەکەم دەچێتە خانەی بیرەوەرییەوە، ڕاستە لە سەدەی ڕابردوودا ڕووی داوە، بەڵام تەمەنی ئەو بیرەوەرییە هەر هەشت ساڵێکە و، بە شایانی ئەوەی دەزانم باسی بکەم و ئێوەی لێ ئاگادار بکەمەوە.

کۆتایی ساڵی ١٩٩٣، د. فەرهاد پیربال پێش ئەوەی بارگەی بۆ گەڕانەوەیەکی یەکجاری بۆ کوردستان بپێچێتەوە، نامەیەکی بۆ ناردم و تیایدا بیرۆکەی دەرهێنانی گۆڤارێکی نوێی خستبووە ڕوو، کە وەک پرۆژەیەک لەگەڵ ئەحمەدی مەلا و نەزەند بەگیخانی و ڕزگار عەبدوڵاشدا باسی کردبوو. بە گۆڕینەوەی چەند نامەیەک و ڕێککەوتن لەسەر هەندێ پرنسیپ سەبارەت بە شێوە و ناو و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە، لەسەر ناوی (وێران) ڕێککەوتین، بەو مەبەستەی بوێرین نەوتراوەکان بڵێین و ئازادبین لە دەربڕینەکانمان. بۆ ئەوەی لەسەر ئەرکی هیچ پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی چاپ نەکرێ، وا ڕێککەوتین کە هەر یەک لە ئێمە ١٠٠ دۆلار دابنێت و بەمەش گۆڤارێکی ئازاد و سەربەخۆ دەربکەین. هەر یەک لە

ئێمەش بابەتی خۆی لەگەڵ کاک فەرهاد دا ناردەوە. من دەمەوێ سەبارەت بە خۆم و بابەتەکانی خۆم بدوێم. جگە لە شیعری (وێران) ، لێکۆڵینەوەیەکم بە ناوی ( سێکس لە تێڕوانینی کۆمەڵگە نائازادەکاندا) بۆ د. پیربال، کە ئێستا مامۆستای زانکۆیە نارد. ساڵی ١٩٩٤ گۆڤاری (وێران) دەرچوو، تا گۆڤارەکەم گەیشتە دەست ماوەیەکی پێچووبوو، بەڵام کە بینیم زۆر سەیرم پێهات، چوونکە نە شێوە و نە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە ئەوە نەبوو کە لەسەری ڕێککەوتبووین. شیعرەکەمی وەکو خۆی و بە ڕێکوپێکی بڵاوکردبووەوە، بەڵام ئەوەی بەسەر لێکۆڵینەوەکەمی هێنابوو هی ئەوە نەبوو لێی بێدەنگ بم. هیچ مقەستەسانسۆرێکی دنیا بەو شێوەیە جەستەی تێکستێک لەت و پەت ناکات. مامۆستا فەرهاد، هێندە سانسۆرپەروەرانە جەستەی لێکۆڵینەوەکەمی هەڵکۆڵیبوو، ئەگەر ناوی خۆمم لەسەر نەدیبا مەحاڵ بوو بیناسمەوە! لە پانزە لاپەڕەی لێکۆڵینەوەکە سێ لاپەڕەی بە تەواوی هەوەسی خۆی و بێ ئاگاداری من هەڵبژاردبوو، جا چۆن هەڵبژاردنێک و بە چ لۆژیکێک؟! پێم خۆشە خۆی باسی بکات و خۆی پێمان بڵێ . سانسۆر بۆ؟!

کە کاری ئەم مامۆستا هێژایە تەواو بوو، گۆڤار کەوتە ناو شارەوە و چینە جیاوازەکانی خوێنەر خوێندیانەوە، لەناو ئەو چینانەدا مەلاکان ئەکتیڤترین بوون بۆ وەڵامدانەوە و بەرهەڵستی. نامەی دۆستێکی هەرە نزیکم (کە نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی ناسراوە) پێگەیشت، تیایدا نووسیبووی کە ئەو بابەتەی من مەلاکانی هەولێری ورووژاندووە و لە خوتبەی ڕۆژی هەینیدا لە هەژدە مزگەوتی پایتەختەوە بلندگۆکانیان دژ بەو وتارە خستۆتە کار. کوڕێکی ئەو دۆستە هێژایەم (کە ئەوسا لە پۆلی شەشی ئامادەیی بوو، ئێستا پزیشکە) گوتی: لە وانەی ئاییندا، مامۆستای ئایین (کە ژن بوو) وانەیەکی تەرخان کرد بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو وتارەی گۆڤاری وێران و لەوێدا مەهاباد قەرەداغی لە تێڕوانینێکی ئایینییەوە (کە دژ بە ئازادی دەربڕینە) وەک ئاژاوەخواز بە قوتابییەکانی ئامادەیی دەناسێنێ! لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١ دا کە سەردانی هەولێرم کرد، دووبارە ئەم دکتۆرە هێژایە بۆی گێڕامەوە مامۆستای ئایین لە پۆلی شەشی ئامادەییدا چۆن سەبارەت بەو بابەتەی من بۆیان دوواوە، دکتۆر (ژ) دەیگووت: نەموێراوە بڵێم من ئەو نووسەرە دەناسم و دۆستی ئێمەیە.

بۆ من جێی سەرسوڕمان نەبووە و نییە کە مەلاکان دژ بە بیری نوێ بجەنگن و ئاستەنگ بن لە بەردەم ئازادی بیر و ڕا و، بترسن لە داخوازییە پێشکەوتنخوازەکانی ژنان، بۆ من سانسۆرخوازییەکەی د. فەرهاد پیربالی مامۆستای زانکۆ و نووسەر و شاعیر جێی سەرسوڕمان بوو، پرسیارەکە تا ئەم ساتەش وەڵامەکەیم لێ وەرنەگرتۆتەوە کە بە چ هەقێ وێرای دەست لە ئازادی دەربڕینی من وەردات و بابەتەکەم تیکە تیکە بکات؟!

دیارە من هەر هەمان ڕۆژ کە گۆڤارەکەم بینی نامەیەکی کراوەم بۆ د. پیربال نووسی، کە تیایدا ئاماژەم بە سانسۆرەکەی کردبوو، ئەو نامەیە هاوکات نامەی هەڵوێستوەرگرتن و دەستبەردانیش بوو لە گۆڤاری وێران و داواشم کردبوو کە بڵاوی بکاتەوە. بە داخەوە نە نامەکەی بڵاوکردەوە و نەش تا ئەم ساتە هۆی ئەو سانسۆرەی ڕوونکردۆتەوە. ئەگەر چی هیچ هۆیەکیش بۆ ئەو سانسۆرسازییەی قبوڵ ناکەم، بەڵام دەبوایە وەڵامێکی لێوە ببیستم و نەمبیست!!

با ئەم مامۆستا هێژایەی زانکۆ بەو پرسیارە کراوەیەوە بەجێ بهێڵم و، بگەڕێمەوە لای مەلاکان. بەڵام ئەمجارە مەلا ئەورووپییەکان. لە ساڵی ١٩٩٨ دا لە تەلەفیزیۆنی مید. لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا، بەرنامەی – دیداری ئازیزان – شیعری (دۆزەخ و حەوا) م پێشکەش کرد، فاکسێکی جنێواوی و هەڕەشەئامێز لە مەلایەکی نیشتەجێی ( یۆتەبۆری – گۆتەنبێرگ) سوێدەوە گەیشتە بەرنامەکە. کە گەڕامەوە سوێد، بۆ تۆمارکردنی ئەو سوکایەتی و هەڕەشەیەی کە مەلایەکی سەر بە یەکێ لەو پارتانەی ئیسلامی سیاسی بە ناوی تەواوی خۆیەوە ناردبووی، فاکسەکەم لای پۆلیسی سوێد دانا.

www.kurdistannet.org

پێنووسەکەم ئامرازێکە بیری من دەنووسێتەوە. تەنیا و تەنیا لە ناو جیهانی نووسیندا هەست بە چوارچێوە ناکەم و دیوار بەدی ناکەم. بۆ من تەنها ئەو جیهانەیە کە لە قەفەز ناچێ، چونکە خۆم خوڵقێنەریم و وای دروست دەکەم کە یاسای سەرکوتکەر و، ڕێسای بەپاشکۆکەر و، داب و نەریتی بەکۆیلەکەر و سانسۆری زمانبڕ لەو دونیا تایبەتییەمدا جێگەیان نەبێتەوە.

بوونم لە ئازادییەکەمدایە، ئازادییەکەشم بە قەڵەمێ دەردەبڕم کە سانسۆر و یاسا زمانبڕەکان ڕەت دەکاتەوە. لە شێواندنی یەک وشەم خۆش نابم، لە ئاکامی هەموو سەرکەشی و یاخیبوونەکانیشم بێباکم. نە مەلا، نە مامۆستای زانکۆ بۆیان نییە ڕێ لە دەربڕینی ئازاد و هاوچەرخ بگرن و ئازادی من زەوت بکەن و وتاری من سانسۆر بکەن. وەک سەرەتا، کۆتاییشم هەر مەحوییانە ئەو دێڕە هەمیشەبارە دەکەمەوە:

*(بە هەق هەر هەق، بە ناهەق ناهەقم گوتووە لە ڕۆژێ بووم*

*وەکو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە هەق لادەم !)*

. . .

*٢٠٠٣-١-١٦*

*ستۆکهۆڵم*

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە بەڵام بەهۆەی بڕوابونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگایە ......... ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.. ١٥-١-٢٠٠٣......